حلول دائمة في العراق
Iraq Durable Solutions

**گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان**

**گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام**

مەرجەکانی کارکردن

### پێشینە

گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) لە کۆتای مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ دا دامەزرا لەژێر سەرکردایەتی هێزی ئەرکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTF). گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) دەزگایەکی تەکنیکییە کە ئەرکدارە و بەرپرسیارە لە پێدانی رێنمایی، ئامراز و دانانی چوارچێوەی کار و ئاڕاستەکردنی ئیش و کارەکان و بەرەوپێشچوونەکانی پلانی کارکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکان دا (POAs) لەسەر ئاستی ناوچە و لەو شوێنانەی کە گروپەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان تیایان دا چالاکن. بۆ دڵنیابوونەوە لە هاوسەنگی شێواز و رێبازەکان و پەیرەوکردن باشترین پراکتیزەکان ، گروپی گروپەکانی ئاستی ناوچەیی، بە پشتیوانی و رێنمایی (DSTWG) گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان ، پلانی کار دادەرێژێت بە جۆرێک کە هاوئاستی ئامانجەکان و چوارچێوەی کار و شێوازی کارکردنی گروپی (DSTWG) بێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە مەرجەکانی کارکردنی گروپی (DS T WG) و گروپەکان لەسەر ئاستی ناوچەدا لەم لینکە دا. گروپی (DSTWG) چوارچێوەیەکی کارکردنو ستراتیژی داناوە کە تیایدا ئامانجەکانی گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکانی دیاریکردووە. وەک پاڵپشتییەک بۆ گروپی (DSTWG)، وەک لەلایەن ئەندامانی گروپەکە وە رەزامەندی لەسەر دراوە، گروپە ئەرک-ئاڕاستەکراوەکان کاتێک دادەمەزرێن کە پەرەپێدانی ئامراز و رێنماییەکان پێویستی بە گفتوگۆی تەرکیز و شارەزایی و زانیاری تەکنیکی تایبەت هەبێت - بە تایبەتی بە ئامانجی فراوانکردنی ئامانجە تایبەتەکانی چوارچێوەی کارپێکردنی چارەسەرە بەردەوامەکانی عێراق.

### ئەرک

لەچوارچێوەی سێیەمین ئامانجی ستراتیژی چوارچێوەی ستراتیژی و کارکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکان، دانیشتوانی کاریگەر بە ئاوارەبوون دەستیان بە بژێوی و داهاتی بەردەوام بگات لەچوارچێوەی گروپی (DSTWG) دا، گروپە لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام ئامانجیان هەماهەنگی کردن و بەهێزکردنی لایەنی دابینکەر و لایەنی بەکاربەرە، هەروەها بەهێزکرنی دەستێوەردانە ژینگەییەکانە بۆ زیاتر خۆڕاگری و دەستگەیشتن بە دەرفەتەکانی رەخساندنی داهات. لەرێگەی جەخت کردنە سەر لایەنی دارایی و ئابوری، گروپە لاوەکییەکانی بژێوی ژیان بەردەوام رێنوێنی دەکرێن لەلایەن چوارچێوەی ستراتیژی کارکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکان لە عێراق، چوارچێوەی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC)ی تایبەت بە چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان (نیسان، ٢٠١٠)، بنەما رێنوێنکەرەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆ (١٩٩٨)، و پلانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتنی ئابوری-کۆمەڵایەتی عێراق، ١ چوارچێوەی کاری هەماهەنگی و هاوبەشیگەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNSDCF) و فەرمان و داواکارییە یاساییە پەیوەستدارەکانی دیکەی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

گروپە لاوەکییەکە پێکهێنراوە وەک دەستپێک بۆ ماوەی ١ ساڵ، لەگەڵ ئەگەری درێژکردنەوە گەر پێویست بکات وە لەژێر رۆشنایی و پێداچوونەوەی گروپی (DSTWG).

### ئامانجەکان

گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام ئامانجی هاوکاریکردنی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DS T WG)، حکومەتی عێراق، رێکخراوە و مرۆییەکان و پەرەپێدانەکان کە، ئەمەش بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هاوڵاتیانی عێراق دەستیان بگات بە دەرفەتە درێژخایەنەکانی دەستکەوتنی داهات. لە هەمان کاتیشدا، بەدواداچوون بۆ رێگاکانی بەهێزکردنی خۆڕاگری ئابووری لە بەرامبەر شۆکی (کۆسپی) نێوخۆیی یان دەرەکی وەک سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گۆڕانی کەش و هەوا و کەمئاوی و شەڕ و ململانێیەکان. بەپێی ئەم پێکهاتە و داڕشتنەی خوارەوە، گروپی لاوەکی پێناسەی "بەردەوامیی" بکات وە چی دەگەیەنێت لە

بواری بژێوی ژیان لە عێراق ، ئامانجە دیاریکراوەکانی گروپی لاوەکیش ئەمانەی خوارەوەن:

1. پێدانی ڕێنمایی تەکنیکی بە گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)، گروپەکانی هەماهەنگیکردن ناوچەیی (ABCs)، لایەنە مرۆیی و لایەنە پەرەپێدانەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە دارایی و ئابورییەکان و پەرەپێدانی چەند ستراتیژیەتێکی پەیوەست بە چارەسەرە هەمیشەییەکان. واتە تیشک خستنە سەر پەیوەندی و بەیەکەوە بەستەوەی خێزانە پاڵپشتیکراوەکان لە هاوکاری دارایی فرە مەبەست (MPCA) وە ڕەخساندنی دەرفەتی دەستکەوتنی داهاتی درێژخایەنتبۆ بنیاتنانی بژێوی ژیانیان و گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان.
2. پاڵپشتیکردنی تەکنیکی بۆ باشتر ئامانجکردنی کۆمەڵگە کەمدەرامەتانەی کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەوانیش چالاکی پاڵپشتی دارایی بەرانبەر کارکردن ودەستێوەردانەکانی خستنە سەرکار ، ئەمەش لە ژێر پلانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتنی مرۆیی لە عێراق دا(HRP). ئەم گروپە لاوەکییە بە تایبەتیش هاوکاری ئەو هاوبەشانە دەکات کە پەیوەندی و بەیەکەوە بەستنەوە دروستدەکەن لە نێوان پلانی وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتنی مرۆیی عێراق و دید و تێڕوانینی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆهاوڵاتیان و چینی کەم دەرامەت.
3. دابینکردنی مەکۆیەک لەسەر باشترین پراکتیزەکان، وانە فێربووەکان و بنیاتنانی توانا بۆ هاوبەشەکان لە تەواوی دیدی بژێوی ژیان ، لەوانەش لایەنەکانی مرۆیی، سەقامگیری، بوژانەوە، بەرقەرارکردنی ئاشتی و لایەنەکانی گەشەپێدان. ئەم مەکۆیە سروشتێکی تەکنیکی دەبێت لەگەڵ هەندێک پێکهاتەی نەخشەسازی نیشتمانی بۆ ناوچە بە ئامانج کراوەکانی گروپەکانی هەمانگیکردنی ناوچەیی (ABCs) وە بەشی سەرەکی بۆ ناوچەکانی دەرەوەی گروپەکانی هەمانگیکردنی ناوچەیی (ABCs ) .
4. وەکو لایەنێی هەماهەنگیکاری کاروچالاکییەکانی بژێوی ژیان کاردەکات، ئەو بابەتانەی کە لەپێشینەیان پێدەدات، ئەمانەی خوارەوەن:
   أ- بەهێزکردنی تواناکانی حکومەت لەڕێگەکانی خستنە سەرکار و دۆزینەوە کار.
   ب- بەرەوپێشبردنی هەماهەنگییەکانی کاروچالاکییەکانی پاڵپشتی دارایی بەرانبەر بەکارکردن.
   ت- بەئامانج گرتنی ئەو پرۆژەبچووک و مامناوەندانەی کە خواستیان لەسەرە.
5. داکۆکیکردن و پاڵپشتیکردنی گروپەکانی هەمانگیکردنی ناوچەیی (ABCs) لەڕووی دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ بژێوی ژیانیە ڕەخسێندراوەکانی نێو پلانی چارەسەرە هەمیشەییەکان، وە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە پلانی کارو چالاکییەکان هاوشان و تەریب لەگەڵ ئامانجەکان جێبەجێدەکرێن.

**ئەرک و خواستەکانی گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام**

هەر وەکو لە چوارچێوەی ستراتیژی کارکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکانی عێراق دا هاتووە، سێیەم ئامانجی ستراتیژی، گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام پاڵپشتی هاوڵاتیانی زیانلێکەوتوو دەکات تاوەکو دەستیان بە دەرفەتەکانی بژێوی ژیان و دەرفەتەکانی دەستخستنی داهات بگات. زۆر بەدیاریکراویش، ئەم گروپە لاوەکییە پێویستە کاربکات لە:

1. دەستنیشانکردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوبەشەکانی بژێوی لەڕێگەی گەڕان بەدوای پۆرتفۆلیۆی ئێستا و توانای هاوبەشەکان کە لە دۆخێکی باشتردان بۆ بەشداریکردن، شارەزایی، زانیاریی پێویست و/یان سەرچاوەی پەیوەندیدار بە دەرفەتەکانی بژێوی، گشتگیری ئابووری و دارایی..
2. پاڵپشتیکردنی ئامادەکردنی پلانی کاروچالاکییەکان لەڕێگە پێدانی ڕێنمایی و تێبینی لە بەرنامەی بژێوی ژیانی بەردەوام و بە ناوچە و شوێنە لە پێشینەکان لەم بەرنامەیەدا. ئەمانە دەگرێتەوە: بۆ نموونە، بەستەوەی خێزانە پاڵپشتیکراوەکان لە هاوکاری دارایی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر (MPCA) تا دەرفەتی دەستخستنی داهاتی درێژخایەن ، هاوکاریکردنی دەستبەجێ لەڕەخساندنی بژێوی ژیان بژێوی ژیان لەڕێگەی پاڵپشتی دارایی بەرانبەر بەکارکردن، دیاریکردنی ژمارەی ئەو پرۆژە و بزنسانەی کە پێویستیان بە خول و ڕاهێنان و بە کاری نۆژەنکردنەوەیە، پاڵپشتیکردنی تۆمارکردنی پرۆژە و بزنسەکان و بەفەرمیکردنیان، دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی و ئەنجامدانی کاروچالاکی ئابوری بە بەردەوامی، بەدواداچوونی ئاوارەبوون بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە، پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراک و دەستبەرکردنی بژێوی ژیان بژێوی ژیان و گێڕانەوەی توانای کەرتی کشتوکاڵی لە پارێزگا پەیوەندیدارەکان دا.
3. پێدانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بە گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) و گروپەکانی هەمانگیکردنی ناوچەیی(ABCs) و هاوبەشانی ڕەخساندنی دەرفەتەکانی بژێوی ژیان لەژێر چەتری چارەسەرە هەمیشەییەکان دا، ئەمەش لەڕێگەی ئامادەکردنی ئامراز و ڕێنماییە کردارییەکان وبە تایبەتی گرنگیدان بە نیگەرانی و ئامانجەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان.

4. هەروەها پێشبینی ئەوەش دەکرێت لەم گروپە لاوەکییە کە ڕێنمایی گرنگ و ستراتیژی بۆ گەیشتن بە چارەسەرە هەمیشەییەکان بدات لەڕێگەی:
   أ- بەیەکەوە بەستنەوە خانەوادەکان/تاکەکان بە گروپی کاری دارایی/کاش (CWG) گروپی فریاگوزاری بژێوی ژیان (ELC) و بە هاریکاری کۆمەڵەی کاش و بژێوی ژیان لە عێراق (CLCI)، هەروەها ئامادەکردنی بنکەی زانیارییەکان/داتابەیس لەسەر بەشداریکردنەکانی بژێوی ژیانی  بەردەوام.
   ب- گونجاندنی و پەیڕەوکردنی ئامراز و ڕێنماییەکانی گروپی کاری کاش (CWG)، گروپی فریاگوزاری بژێوی ژیان (ELC) لەسەر چارەسەرە هەمیشەییەکان، لەوانەش، ڕێنمایی لەسەر زیاتر بەشدارییەکردنە خۆجێیەکان و کارپێکردن و پیادەکردنی گروپەکانی هەمانگیکردن ناوچەیی (ABCs).
   ت- بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO)، دەرکردنی ڕێنمایی لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی ژینگەی ئابوری بۆ بزنسەکان و بۆ هاوڵاتیان، تێکەڵکردن و یەکخستنی هێزی کارەکان، باشتر ڕەخساندنی دەرفەتەکانی دەستخستنی داهات و باشترکردنی گێڕانەوەی توانای ئابوری.
5. هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دووەمین گروپی کاری لەپێشینە (PWG2) و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەکو لیژنەی هەماهەنگیکردنی کەرتی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPCC)، بۆ پیادەکردنی باشتری سیاسەتی کارکردنی چارەسەرە هەمیشەییەکان لەڕووی بژێوی ژیان  و ئابورییەوە.
6. لەماوەی دوورمەودا و درێژدا، گروپەکە هیوا و خواستی ئەوەی هەیە کە ئەم بابەت و تەوەرانەی خوارەوە بخاتە چوارچێوەی کارەکانیەوە:
   أ- هەماهەنگی نێوان گروپی لاوەکی و گروپەکانی هەمانگیکردن ناوچەیی (ABCs) بۆ ئاراستەکرن بەرەوە ڕێگە و شێوازەکانی پشت بەخۆ بەستن.
   ب- ئەنجامدانی گەڕان لەسەرانسەری هەموو عێراق دا لەڕێگەی ئامرازی چارەسەرە هەمیشەییەکان و ڕێبازەکانی بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی ئەو ئاوارەبوونانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە  یان بەهۆی کەمئاوی ڕوویانداوەو کاردەکەنە سەر کەرتی کشتوکاڵ و بژێوی ژیان.
   ت- دروستکردنی پرد و پەیوەندی بەهێزتر لە نێوان بژێوی ژیان یەکگرتوویی/ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی  ، بەتایبەتی لەڕووی گشتگیریی ئابوری و ڕێگریکردن لە توندڕەوی توندوتیژی ، لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ گروپە لاوەکییەکانی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG).
   ث- دانانی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی لەڕێگەی وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتا لە ئەندامانی گروپی لاوەکی و لە گروپەکانی هەمانگیکردن ناوچەیی (ABCs)، وەڵامدانەوە و بەدەمەوەهاتنی شەڕوململانێیە ناوبەناو نائاساییەکان کە دەبنە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر و پێویستی زۆرتری بژێوی ژیان  .

**ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرۆک و هاوسەرۆکی  گروپی لاوەکی**

ڕێکخەری گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی  بەردەوام (سەرۆک یان هاوسەرۆک) بەرپرسە لەئاڵوگۆڕپێکردنی ڕاپۆرتەکان لە نێوان گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان  DSTWGو هێزی ئەرکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTF) دا، ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە توانای وەڵامدانەوەی کاریگەرتر و هەماهەنگتر لە بەرامبەر ئاوارە نێوخۆییەکان، ، گەڕاوان و هاوڵاتیانی زیانلێکەوتووی ئاوارەبووی دیکە.

ئەرکە دیاریکراوەکانی سەرۆک و هاوسەرۆکی    گروپی لاوەکی بریتین لە:

أ- بانگهێشتکردن ، ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکانی گروپەکە،
ب- دانانی ستراتیژیەت و پلانی کارکردن،
ت- دەستنیشان کردن و بەشدارییپێکردنی هاوبەشانی کەرتی کشتوکاڵی و بژێوی ژیان ،
ث- هەماهەنگیکردن بۆ ئەو کاروچالاکیانە کە لە چوارچێوەی گروپی لاوەکی ئەنجامدەدرێن،
ج- ئامادەکردنی ڕەشنووس و کۆنووسی کۆبوونەوەکان،
ح- گەیاندنی مادده ڕێنماییەکان، ڕێنماییە تەکنیکیەکان و ڕێنماییەکان دیکە هەروەکو لەم مەرجی کارکردنەی DSTWG بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوە،

خ- وگەیاندنی کەرەستەی ڕێنمایی، ڕێنماییە تەکنیکییەکان، و شتە گەیاندراوەکانی تر وەک ئەوەی لەسەر ئەم ToR ڕێککەوتوون بۆ DSTWG بۆ چەسپاند

**پێکهاتەی گروپی لاوەکی بژێوی ژیانی بەردەوام**

دەستنیشانکردنی سەرۆک و هاوسەرۆکی گروپی لاوەکی لەڕێگەی ناردن و بڵاوکردنەوەی ئەم مەرج و داخوازیانەوە دەبێت. ئەم گروپە لاوەکییە سێ ئاستی سەرەکی هەیە:

1. سەرۆک و هاوسەرۆکی گروپ ، ڕاپۆرت بە (DSWG) دەدات و وەکو پردیپەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان و لایەنەکانی بژێوی ژیان لە عێراق کاردەکات.
2. ئەندامانی گروپی لاوەکی: کە ژمارەیان سنوردار دەبێت و تاوەکو ١٥ ئەندام لەخۆ دەگرێت (شیاوی گۆڕانکارییە بەپێی ئاستی پابەندبوون و پرۆفایلی پێشکەشکاران، گروپی لاوەکی دەتوانێت ئەندامی نوێ لەسەر بنەمای تایبەت وەربگرێت ئەگەر پێویست بوو ).
3. سوودمەندبووانی گروپی لاوەکی: کە هەموو لایەنەکانی ئابوری و بژێوی ژیان دەگرێتەوە لە عێراق، هەر لە کەرتی تایبەتتاوەکو ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. سوودمەندبووان، دەتوانن داوای هاوکاری بکەن یاخودبگەن بە گفتوگۆکانی ئەم گروپە، بەڵام ناکرێت ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەم گروپە بن، یان گفتوگۆکان بەڕێوەببەن. هەربۆیە، سوودمەندبووان دەتوانن ئاگاداری ئامراز و ڕێنمایی و زانیارییەکان بن و دەتوانن داوای ئەنجمدانی گفتوگۆش لەگەڵ ئەندامانی گروپی لاوەکی بکەن، بەڵام ناتوانن پێشینەی کارنامە دەستنیشان بکەن وە ناتوانن گۆڕانکاری لە پێکهاتەی گشتی گروپەکە بکەن .

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی گروپە لاوەکییە بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ لیژنەی وردبینی کاتی. بەپێی هەڵبژاردنەکە، سەرۆک و هاوسەرۆکیی گروپەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی وردبینی کاتی ئەندامانی گروپ هەڵدەبژێردرێن (ئەو هاوبەشانەی کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە دروستبوونی گروپەکە و ئامادەکردنی ڕەشنوسی مەرج و داخوازییەکان (TOR)، وەک ( گروپی کاری دارایی/کاش (CWG)، بە گروپی فریاگوزاری بژێوی ژیان (ELC) و بە هاریکاری کۆمەڵەی کاش و بژێوی ژیان لە عێراق (CLCI)، وگروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG)). سەرۆکایەتی کردنی گروپەکەش دەکرێت سەر بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی بێت کە پسپۆڕن لە بواری بژێوی ژیان و لە گرتنەخۆی ئابوری لە عێراق دا.

ئەندامیەتیکردنی لەم گروپە لاوەکییە لەڕێگەی بانگهێشتکردنێک دەبێت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری. ئەندامبوونی ڕێکخراوێکی حکومی دەبێت بە هەماهەنگی بێت لەگەڵ لیژنەی وردبینی کاتی. ئەندامبوونی ڕێکخراوێکی ناحکومی لەم گروپە دا دەبێت لەلایەن لیژنەی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراقەوە (NCCI)ەوە بێت بۆ دڵنیابوونەوە لە گشتگیری و دادپەروەری پرۆسەکە.

**خاڵە سەرەکییەکان (نوێنەر) و هێزی ئەرکی بژێوی بەردەوام**

دەکرێت ئەندامێک لەلایەن گروپەکەوە دەستنیشانبکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی سەرۆکایەتیکردنی گروپەکە لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک و هاوسەرۆک، هەروەها پاڵپشتیکردن لە ڕێکخستنی هەماهەنگییەکان دا.

بەپێی پێویستییەکانی بژێوی ژیانی بەردەوام، ئەم گروپە بە چوست و چالاکی و بە باشی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت و دەتوانێت لیژنەی تایبەتمەند دروست بکات لەژێر ڕۆشنایی و ڕێنماییەکانی وگروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) تاوەکو بتوانێت لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان بڕیار بدات لەسەر بابەتی لە پێشینە و ئامرازی ڕێنماییکەری تەکنیکی ئامادەبکات.

**بەشداریکردن و ئەندامبوون لە گروپی لاوەکی بژێوی ژیان**

ئەم گروپە لاوەکییە گروپێکی تەکنیکییە جەخت لەسەر کردنەوەی دەرگا بەڕووی پسپۆڕانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان و لایەنەکانی دیکە دەکاتە، بەتایبەتی ئەوانەی لە بوارەکانی مرۆیی، سەقامگیری، بوژانەوەی بەرایی، گەشەپێدان و چارەسەرە هەمیشەییەکان کاردەکەن تا بەشداری خستنە سەرڕێیەکی گشتگیری ئابوری بکەن بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە بەهۆی شەڕو ململانێ لە ناوچەکانیان زیانیان بەرکەتووە. هەورەها دەرگای گروپەکە بەڕووی نوێنەرانی لایەن و کەرتی تایبەتیش کراوەیە. نابێت ئەم گروپە زیاتر لە ١٥ ئەندامی کارا و چالاکی ڕێکخراوەکانی هەبێت.

دابەشبوونی ئەندامەکان بەمشێوەیە دەبێت: ٤ ئەندام لە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢ ئەندام لە کەرتی تایبەت، ٣ ئەندام لە لایەنی حکومەتی عێراق، ٢ ئەندام لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ناحکومی، ٢ ڕێکخراوی ناوخۆیی ناحکومی و٢ بەخشەر ( donor).

دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە ئەم مەرجانەی ئەندامبوون خودی لایەنەکان دەگرێتەوە، نەک کەسانی ناو لایەنەکان، دیاریکردنی ١٥ لایەن وەکو ئەندام ژمارەیەکی هەڕەمەکییە و ئامانج لێی دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە ئەم گروپە لاوەکییە بەتەواوی نوێنەرایەتی هەموو کەرت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق دەکات. ئەگەر گروپەکە بیەوێت ئەندامی زیاتر وەرگبرێت یان ئەگەر لایەنەکانی گروپەکە بیانەوێت لە گروپەکە دەرچن، ئەوا فۆڕمی داواکاری بەشداریکردن یاخود وازهێنان دەدرێتە ئەندامەکانی گروپەکە.  پرۆسەکە بە دەنگدانێکی سادە و ئاسایی دەبێت لەسەر زۆرینەی ڕەها.

 هەر لایەنێک بیەوێت دەستی بە ئامراز و سەرچاوەکانی ئەم گروپە بگات، دەبێتە سوودمەندبوونێکی گروپەکە. هیچ سنوور و بەربەستێک نییە لە دەستخستنی ئامراز و سەرچاوەکانی ئەم گروپە بە شێوەیەکی شەفاف و ڕێکوپێک. بەئەندامبوونی سوودمەندبوو لەم گروپە دا شتێکی شیاو و ڕێتێچووە، دەبێت لەسەر بنەمای پابەندی و بەشداری ئەو سوودمەندبووە بێت بە ئامانجە دانراوەکانی گروپەکە. سوودمەندبووان دەتوانن ئارەزوومەندانە و بەپێی پسپۆڕی تەکنیکی دیاریکراویان بانگهێشتی چارەسەرە هەمیشەییەکان بکرێن، بەتایبەتی ئەو سوودمەندبووانەی کە پسپۆڕی و شارەزاییان لە بواری  بژێوی ژیانی  بەردەوام هەیە وەکو پرۆگرامەکان، کاروچالاکییەکان، هەڵسەنگاندنەکان، شیکاریکردن، ڕاپۆرتکردن و ئامادەکردنی ئامرازەکانی گەشەپێدانی پارێزگاریلێکردن لە توندڕەوی توندوتیژی ، تا بتوانن توانای خۆیان نیشان بدەن و جەخت بکەنەوە  لەسەر لایەنێکی دیاریکراو (کە ئاماژەی پێدرا) لەناو خودی چارەسەرە هەمیشەییەکان.

دەبێت ئەندامانی ئەم گروپە بەشداری چالاک و کارایان هەبێت لە جێبەجیکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتیە دیاریکراوەکان و بەشێوەیەکی بەردەوام ئامادەییان هەبێت.

بۆ ئەندامبوون لەم گروپە پێویستە:

أ-   ناردن و هاوبەشیپێکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام، وە بەردەوامی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی گروپەکە.
ب-  دەبێت ڕێکخراو و لایەنە ئەندامەکان بەشداربیکەن لە کاروچالاکییە ژینگەییەکان و بەدەمەوەهاتنی و کاروچالاکییە گشتییەکان کە ئەنجامدەدرێن بۆ چارەسەرکردنی لایەنی دارایی و ئابوری و باشترکردنی بژێوی ژیانی  بەردەوام و کۆی گشتی کارەکانی چارەسەرە هەمیشەییەکان.
ت-  هاوبەشکردنی بەرپرسیارێتی چالاکییەکان و ئامانجەکانی گروپی لاوەکی.
ث-  ڕێزگرتن و پابەندبوون بەو بنەما، سیاسەتی کار، بابەتە لەپێشینەنە و پێوەر و ستانداردانەی کە لەسەریان ڕێککەوتوون.
ج-  بەشداریکردنی بەردەوام لە دانانی پلانی کاری گروپەکە.

**فریکوێنسیی کۆبوونەوەکان**

کۆبوونەوەکانی ئەم گروپە بەشێوەیەکی ئاسایی و (مانگانە) دەبێت لەسەر بنەمای پێویستیش دەبێت ئەگەر لەلایەن سەرۆک یان هاوسەرۆک داوابکرێت لەماوەی ١٢ مانگی سەرەتای گروپەکەوە. بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لەناکاو و پێویست ، ئەوا دەبێت لەلایەن سەرۆک یان هاوسەرۆکە داوابکرێت.

**مەرج و داخوازییەکان (ToR)ی ئەم گروپە لاوەکییە**

دەکرێت مەرج و داخوازییەکانی (ToR)ی ئەم گروپە لەژێر ڕۆشنایی و لەچوارچێوەی دەسەڵاتی گروپی کاری تەکنیکی چارەسەرە هەمیشەییەکان (DSTWG) پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت.